Dr.Saleh Ebrahimi

لــه بڵاوكـراوەكــانی
لێژنەی باڵای یادەوەریی
ســەد ســاڵەی بارزانی
زنجیرە ( ١ )

# كۆنگرەی یادەوەریی سەد ساڵەی بارزانیی نەمر

هەولێر - ٢٠٠٤/٣/١٤

بەشی یەكەم

ئامادەكردن و سەرپەرشتی:

مومتاز حەیدەری

د. كــوردستان مــوكریانی          د. دلێر ئیسماعیل حەقی شاوەیس

هەولێر - كوردستان - ٢٠٠٣

١٤٤

Dr.Saleh Ebrahimi



ژەنراڵ مستەفا بارزانی رابەری کبیر و هەمیشە
زیندوی کورد وکوردستان، کەکوردستان لە
هەر هەل و مەرجێکدابێ سێبەری رەحمەتی
ئەوزاتەها بە سەرکوردەوە.

Dr.Saleh Ebrahimi

# ژەنرال مستەفا بارزانی نەمر رابەری کەبیری نەتەوەی کورد

د. محمد صالح ئیبراهیمی

لە ئاسمانی کوردەواری و **مرۆڤانیدا، حەزرەتی بارزانی رۆژە بەفوو ناکوژێتەوە** نیشانەکانی دڵسۆزی، وشیاری، بێداری و زیندووبوونی حەزرەتی مستەفا بارزانی **رابەری کەبیری نەتەوەی کورد!** لە هەموو کات و ساتێکدا، و لەم سەردەمەشدا جا کورد لە هەر دۆخ و هەلومەرجێکدا بژی، **سێبەری رەحمەت و پڕ** بەرەکەتی بارزانی وا بە سەرەوە، شوێنی پیرۆزی بیری ورد و تێکۆشانەکانی دیارە و بەسەر کورد و کوردستاندا هەر دیاریش دەبێ، نەتەوەی کورد؛ فەخر و شانازی بەو زاتە پاک و دڵسۆزەی خۆی دەکا.

بارزانی رابەری ئەفسانەیی و بەرزە پلەیە، بارزانی لە رابەرانی سەدەی بیستەمە و نامرێ و نێوی بە چاکی و پاکی هەر دەمێنێ.

**بارزانی** چون وشیار، بێدار و زیندوو بوو، لەو هەموو کەند و کۆسپەدا خۆی نەدا بەدەس دوژمنانەوە و مەردانە لە راست هێرشکاراندا لە خۆی و نەتەوەی کورد، دیفاع و بەرەوانی کردووە و قەت هێرشی نەبردۆتە سەر خەڵک و نەبیسراوە، ماڵی **عەرەبێ** یا **تورکێکی وێران کردبێ**، کەچی صەدام بۆ نەسڵ کوژی کورد و ژینۆساید و لە نێوبردنی کورد و کوردستان چیها جینایەتی کرد، کە لە هەڵەبجە، هەڵەبجەی سووتاو هیرۆشیمای کوردستان بە بۆمی شیمیایی و بەبۆمی خەردەل و ... لە ١٩٨٨/١/١٦

له چەن کات ئەژمێر و کاوینگدا زیاتر له ٥ هەزار کەسی له زارۆک و مێرمناڵ و پیروکاڵ و ژن و پیاو قڕکرد. ئەو هەموو باغ و بێستان و کانیاو، موچە و مەزاری ڕەنگین و ئەو هەموو ئاواییەی لەنێو برد و ئەو هەموو باڵندە و ئاژەڵە کێوی و ماڵییەی قڕکرد و زیاتر له ١٨٢ هەزار کوردی بێ تاوانی بەنێوی ئەنفال شرت و گوم کرد و ٨ هەزار بارزانی بێ سەروشوێن کرد، کورد و کوردستان و ڕۆحی بارزانی و سەلاحەدینی ئەیوبی داغدار کرد.

**حەزرەتی بارزانی** شەڕ بۆ دەفعی شەڕ فێرببوو، نەک بۆ شەڕ. حەزرەتی بارزانی له ماوەی ٧٦ ساڵ ژیانی پڕ له خێر و بەرەکەتی خۆی له ڕاپەڕین و بەرەوانی کردندا بوو، له نەتەوەی کوردی بەشخوراو و دابەشکراو؛ لەو ڕێبازەدا ئەزموونی زۆر بەکەڵکی بەدەس هێنا.

**حەزرەتی مستەفا بارزانی** له ١٤ مارسی ١٩٠٣ی زایینی له ئاوایی بارزان سەر بە ئوستانی هەولێر له دایک بووە، سێ ساڵانە بووە کە لەگەڵ دایکیدا زیندانی کراوە، ئا بەم جۆرە، دەورانی ژیانی مناڵی خۆی، بەدەس و پەنجە نەرمکردن لەگەڵ دوژمنی کورد و کوردستاندا بەڕاپەڕین بەدژیان ڕای بواردووە، هێمان مێرمناڵ بووە چۆتە نێو سازەی بزاوی ئازادیخوازی کورد و بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی تورکی عوسمانلی چۆتە شاری موش.

**حەزرەتی بارزانی له ١٩١٩** بەسەرۆکایەتی سێ سەت جەنگاوەری بارزانی چۆتە یارمەتیدانی شێخ مەحموودی حەفید له شاری سولەیمانی.

جارێکی دیکە بە دەستوری شێخ **ئەحمەد بارزانی خودانی بارزان** چۆتە شاری دەرسیم تا یارمەتی شێخ سەعید پیران بدا له ڕاپەڕین بەدژی تورکی عوسمانلی، له ساڵانی **٢٠-١٩٢١** بەسەرۆکایەتی هێزێکی شەڕوان و چەکدار چۆتە یارمەتیدانی (ئەندرانیک) پادشای ئەرمەنستان و ئەرمەنییەکان له ژینۆساید و قەتڵی عام ڕزگار دەکا.

هەر لەو ساڵانەدا بوو، کە بەگژ هێرشکارانی دەوڵەتی عێراقدا چوو، چون ئەو دەوڵەتە هێرشی کردبووە سەر خاکی پاکی کوردستانی بەزۆر لکاو بەدەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق.

Dr.Saleh Ebrahimi

**حەزرەتی بارزانی،** هێرشی ئەو دەوڵەتە، کە بێگانەکان پشتیوانیان لێ دەکرد، بەرپەرچ دەداوە. بەڵام لەبەر زۆر و زەوەندی هێرشکاران کە بەچەکی زۆر تەیار بوون، ناچار، چووە نێو کوردستانی باکووری بن دەس تورکان، دەوڵەتی تورک شێخ ئەحمەد بارزانی گرت و دایە دەس دەوڵەتی عێراق، دەوڵەتی بەغا ئەوی لە شاری موسڵ دەسبەسەر راگرت.

ئەمە لەهەلومەرجێکدا بوو کە حەزرەتی مستەفا بارزانی بەکۆمەگی کوردانی (ئەرزەرۆم) لە چنگی رەشی عوسمانلی رزگاری ببوو، خۆی گەیاندبووە نیزیک خاکی کوردستانی باشووری و هێزێکی تازە و ئازای بۆ جەنگ لەگەڵ بەغا ساز دابوو، بارزانی ئەمجارە، بە تاکتیکی تازەوە ئاوقەی هێرشکارانی بەغا دەبوو، ئەوە خۆی بووە پاشەکشەی لەشکری دەوڵەتی و سەردانەواندن بۆ وتوویژ لەگەڵ حەزرەتی مستەفا بارزانیی نەمر.

لە نیوەی ساڵی ١٩٣٤ بارزانی بەهۆی دەوڵەتەوە، بانگ کرا شاری موسڵ، ئوستانداری ئەوێ بەگەرژاری کردبووە نێو فنجانی قاوەی خواردنەوەی بارزانی، مستەفا بارزانی دوای دوو حەوتو بێهۆشی- هەروەک کشتگێری (موعجیزە) لە مردن رەخسا دوای ئەو رووداوە بارزانی وەک شاربەدەر برایە بەغا، لەوێوە بۆ ناسرییە و بۆ کفری و ئاڵتوون کۆپری برا، لە ١٢ ژوییەی ١٩٤٣ بەکۆمەگی حیزبی هیوا و چەند کورد، حەزرەتی بارزانی خۆی گەیاندە کوردستانی رۆژهەڵاتی بن دەسی ئێران و سەرەنجام خۆی گەیاندەوە بارزان، بارزانی پیرۆز و مدفەرک لە بارزان جارێکی دیکە، پێشمەرگەکانی خۆی کۆ کردەوە و بە دژی هێرشکارانی بەغا راپەڕی، دوای حەوت مانگ جەنگ دەوڵەتی بەغا ناچار دەسی بەوتوویژ کرد، لەگەڵ حەزرەتی مستەفا بارزانی، بەڵام چون دوژمن لەگەڕ بوو، لە ١٩٤٥/٨/٧، هێرشی بۆ بارزانی هێنایەوە و بە یارمەتی فرۆکە و و باڵەفڕانی جەنگی بەیارمەتی بێگانەکان، بارزانییان ئازار دا و مەجبور بوو بەرەو کوردستانی رۆژهەڵات بڕوا و بچێتە یارمەتیدانی دەوڵەتی کوردستان لە مەهاباد.

مستەفا بارزانی لە مەهاباد لە ٣١ مارسی ١٩٤٦ پلەی ژەنراڵی و فەرماندەیی سپای کوردستانی پێ درا و لەبەرا لە مانگی ئاوریل ٣٠٠ کەس لە پێشمەرگە و

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەفسەرانی وا لە خزمەتیابوون، هێنانیە نێو شاری مەهاباد، بۆ ڕیژە و خۆنیشاندان کە بەڕاستی نیشانی دا **هەر خۆی لایەقی گەورەیی و بەرەوانی کردنە لە کورد و کوردستان،** حەزرەتی ژەنراڵ بارزانی لە ١٦ ئوتی ١٩٤٦ حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە بەشی کوردستانی باشوور دامەزراند و بەتێکڕای دەنگ بەسەرۆکی ئەو حیزبە هەڵبژێردرا- بەداخەوە کۆماری کوردستان بەزۆرهێنانی عەجەم، تێکچوو، بەڵام حەزرەتی بارزانی خۆی نەدا بەدەسەوە چون وشیار و بێدار و زیندوو بوو، لە ڕاست هێرشی دوژمن ڕاوەستا و، جا بۆ پاراستنی خۆی و یارانی، وە ئەو بارزانییانەی کە زیاتر لە (٩٠٠٠) کەس دەبوون کە لە خزمەتیا هاتبوونە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەجەنگ و بەرەوانیکردن لە خۆی و لەو خەڵکە، بەرەو سنووری یەکێتی سۆڤیێتی ئەو زەمان، بۆی ئاژۆت، جا دوایی دەرگیری و کەند و کۆسپی زۆر و شەڕ لەگەڵ لەشکری هێرشکارانی تورک و تات و ئێرانی بە (٥٠٢) کەسەوە لە ئاوی ئارازەوە خۆی دەربازی خاکی شۆرەوی کرد.

حەزرەتی مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی دوای لە یازدە ساڵ ژیانی سەخت و پڕ دەرد و ئەلەم لە شۆرەوی بن دەسی ئەستالین، دوای ئەوەی لە ١٤ ژولای ١٩٥٨ شۆڕش لە عێراق بەرپا کرا و ئەو وڵاتە بە هی کورد و عەرەب نێوبرا و لە ٢٧ ژولای ١٩٥٨ قانوونی بۆ دانرا کە کورد مافی بەرانبەر و یەکسانی لە عێراقدا هەیە، بەم جۆرە مافی ڕەوای کورد لە عێراق بەڕەسمی ناسرا و دانی پێدا نریا. حەزرەتی بارزانی تەلگرافێکی بۆ عەبدولکەریم قاسم نارد و ئامادەیی خۆی و هاوڕێکانی بۆ گەڕانەوە، بۆ خاکی نیشتمان ڕاگەیاند. قاسمیش ئەوەی زۆر پێ خۆش بوو داوای کرد هەرچی زووترە بگەڕێنەوە وڵات، جا ئەوە بوو حەزرەتی مستەفا بارزانی لە ١٩٥٨/١٠/٦ بە فڕۆکە بەرەو بەغا گەڕاوە و لەسەر ڕێگا لە میسر لەگەڵ جەماڵ عەبدولناسر دیدار و وتوویژی کرد.

بە داخەوە قاسم لەڕاستە ڕێگا، لای دا و نێوان ناخۆشی پەیدا بوو، سەرەنجام لە ١١ سپتامبری ١٩٦١ جەنگ لە نێوان قاسم و بارزانی دەسی پێ کرد.

حەزرەتی بارزانی لە هێرشی لەشکری عارفی دووەم هەر وەکو هەورە بریسکە، لە دۆڵی هەندرێن و زۆزک دای بەسەر هێرشکارانی ئەورەحمان عارف و بەزازدا و قڕی

تێ خستن، ئەو دووانە مەجبوور بوون لە ٢٩ ژوئینی ١٩٦٦ دان بنێن بە مافی کورددا و بڵێن کورد مافی زمان، نەتەوەیی، ئاداب و رسومی باوباپیرانی خۆی هەیە و لەو بارەوە گەلاڵەی ١٢ مادەیی خۆیان بەسوودی کورد، رابگەیێنن و سەر بۆ بارزانی دانەوێنن. هەروا سەرەنجام لە ١١ مارسی ١٩٧٠ حەسەن بەکر و صەدام حسێن مەجبوور بوون دان بە مافی کورددا دابنێن و ئەو قەراردادە مێژووییە، بەسوودی کورد مۆر بکەن و سەر بۆ بارزانی دانەوێنن. جا ئەوەیە دەبێ بڵێین:

Dr.Saleh Ebrahimi

تـــا هەستی ئازادیخوازی | تا خۆبەخشین و گیانبازی
تا مەردایەتی و جوامێری | تا نـــــەترسان و بۆیری
لـــە دنیادا قەدری مابێ | ناوی بـــارزانی ون نابێ[١]

هەرچەن رژێمی بەغا لە فێڵ بوو تەنانەت لە ١٩٧١/٩/٢٩ ویستی بەگزی و فزی بارزانی شەهید بکا و نەی دەویست سەرژمێری بکا و کەرکووک و ئەو ناوچانەی کە کانی نەوتن، بیخاتە سەر کوردستان، ئەوە بوو حەزرەتی مستەفا بارزانی لە وتوویژیکدا فەرمووی: کوردستان، دەوڵەتە قەلبی هەیە، یەک کەرکووک، ئەوی دی ورمێیە، من ناتوانم واز لە کەرکووک بێنم، کەرکووک بەشی جیا نەبوەوەی خاکی کوردستانە. جا ئەوە بوو بەغا شەڕی هەڵایساند و لە مارسی ١٩٧٤ هێرشی هێنا سەر کورد و کوردستان.

لە ٦ی مارس ١٩٧٥ قەراردادی ئەلجەزایر بەدەسکێشی بۆمیدین لە نێوان شای ئێران و صەدام حسێن مۆر کرا و خەیانەت بە کورد کرا، هەروەک لە قورئاندا فەرموویەتی (وكذلك نجزي الظالمين) کوردیش دەڵێ: (خودا تۆڵەی بزنی بێ شاخ لە شاخدار دەستێنێتەوە)[٢] خودا بۆمیدینی تووشی ئەو دەردە کەسکوونە کرد و خوێنی بە ناحەق رژاوی کورد، گەلی ئەلجەزایریشی گرتەوە و چەن ساڵە خوێنی یەک دەرێژن، شای ئێرانیش بەتف و لەعنەتی مناڵ و خەڵکی ئێران بەتێکرا، دەرکرا و بێ وەتەن بەئاوارەیی سەری ناوە. صەدام حسێن لە تۆڵەی کورد، وەک سەگی زەنجیری، زنجیرکراوە و هەردەمێکی مەرگێکە.[٣]

جا دوای ئەو خەیانەتە کە، بە بارزانی و بە نەتەوەی کورد کرا، بارزانی، بەرەو ئێران پاشەکشەی کرد و لە پاشان، چووە ئەمریکا، چابوو بە چاوی خۆی دەرکرانی

Dr.Saleh Ebrahimi

حەمە رەزا شای ئێرانی دی. بەڵام زۆر بەداخەوە لە ١٩٧٩/٣/١ لە بیمارستان لە واشینگتون وەفاتی کرد و بەپێی وەسیەتی خۆی لە ٥ مارس ١٩٧٩ جەنازەکەیان هێناوە شاری شنۆ و لەوێ ناشتیان و **خەڵک و حەشیمەتی زۆر پێشوازییان لە جەنازەکەی کرد و لەگەڵی چوونە شاری شنۆ، بەدەیان شیعر و وتاریان لەسەر خوێندەوە و دەتگوت: رۆژی حەشرە و وەفات و ناشتنەکەشی بووە هۆی یەکبوونی کورد.**

لە ١٩٨٧/١/٣١ کاک ئیدریس بارزانیش وەفاتی کرد و لە خزمەت باوکیدا نێژرا.

لە ١٩٩٣/١٠/٦ جەنازەی حەزرەتی بارزانی گەورە و کاک ئیدریس بارزانی بە پێشوازییەکی بێ وێنە لەلایەن کوردی، کوردستانی باشوورەوە، بەرێ کرا بۆ خاکی پیرۆزی بارزان و لەوێ نێژران (رضوان اللّه تعالی علیهم).

**بەم وردە باسانە باش تێ دەگەین کوردستان لە دوارۆژا لە هەر بارودۆخێکدا بێ، سێبەری رەحمەت و شوێنی جوانی ژەنرال مستەفا بارزانی بەسەرەوە دیار دەبێ و نەتەوەی کوردیش بەو گەورە قارەمانە ئازا و کۆڵنەدەر و دڵسۆزەی خۆی شانازی کردووە و فەخریشی پێوە دەکا.**

ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد کەسایەتێکی وشیار، بێدار و زیندوو بوو، جا هەر لە بەرئەوە لەو ئاژاوە نابودکەرەدا موعجزە (کشتگێر)ی خوڵقاند. ئەو قارەمانە نەمرە و (٥٠٢) کەس لە کورە کورەی شێرە پیاوانی ئازا و نەبەزی[٤] بارزانی و پێشمەرگەکانی خۆی، لە ١٨ی ٦ی ساڵی ١٩٤٧ی زایینی مەردانە و شێرانە لە ئاوی ئاراز (ئەرەس) پەڕینەوە و چوونە وڵاتی شۆرەوی پێشوو، بەڕاستی ئەم رێپێوانەی بارزانی زۆر لە هی مائۆ گرینگترە، چونکا مائۆ لە وڵاتی خۆی کە چینە ئەو کارەی کردووە، بەڵام بارزانی لە بن نووکی سەرەنێزە و گرمە گرمی تۆپ و تانک و فڕۆکەی جەنگی دەوڵەتی تورک و شای چڕنووک خوێناوی ئێران و دەوڵەتی بەغا، ئەو رێپێوانە پێچەڵا و **پێچەی بەجەنگی پارتیزانی و چوونە پێشەوە و کشانەوە، ئەنجام داوە و حەماسەی کوردی** ئەفراندووە و موهاجەرەتی کردووە.

ئەم رێگا بڕینەی بارزانی کە لە (بێداو) و ئاوایەکانی لای بارزانەوە دەسی پێکردووە و بۆ ماوەی ٢١ رۆژ درێژەی کێشاوە، ئەم رێپێوانەی بارزانی نوێنگەی

سەرکەوتنی باعەزەمەتی **بارزانییە**، بەسەر کەند و کۆسپی ژیان و نیشانەی باوەڕی پتەو و **کشتگێرییە؛ کە ئیمانی** مەحکەم دەتوانێ ئاوا کەندولەند لە سەر ڕێگا لابا و دوژمنانی خۆی بتاسێنێ و مەردانە بەهەڕەشە و گوڕەشەیان پێبکەنی و لە خۆی و نەتەوەکەی دیفاع و بەرەوانی بکا.

Dr.Saleh Ebrahimi

**بڕوای بارزانی بەو ڕێپێوانە کارساز بوو، کوردی بووژاندەوە و کوردی بەدنیا ناساند و ئەوانەی لە گرینگی ئەو ڕێپێوانە دەفکرین لەڕاست ئازایی و گەڕناسی و بوێری و ماندوو نەناسی بارزانی واقیان وڕما و ئافەرینیان بە بارزانی وت**، بە تێکڕای دەنگ ڕایان گەیاند کە بەڕاستی **بارزانی رابەری لایەق و شیاوە و تایبەتییەکانی سەرۆکایەتیکردنی بە کەماڵ گەیاندووە. بارزانی** جەنگاوەری بێ وێنە بوو لە جەنگی چریکیدا رابەری و درایەتی جوانی، هەمیشە لە خۆ نیشان داوە. بۆیێ وا خۆش ناو و عەزیز و باعیزەت یادی مویارەکی ماوە و هەر بە چاکیش دەمێنێ.

سەروان زەربەخت دەنووسێ:[٥] لە ٣ی ژوئێن دەستەیێ لە بارزانییەکان بەشەوا بەنێوان دوو گوردان ئەرتەشی ئێراندا لە باکووری (قوتۆر)ەوە، دەڕۆن و تەنانەت مستەفا بارزانی بەپیادە لەو ڕێگایەوە دەڕوا، شای ئێران لەو سەردەمەدا لە شاری ئەردەویل بووە، لە ترسا ددانەچیرەی پێ دەکەوێ و دەستوور دەدا بارزانییەکان گیربدەن و هەر فەرماندەیێ لە شەڕ لەگەڵ بارزانی خۆ بگرێ بیدەنە دادگای سارایی و دستووری سەختتر لەلایەن سەرۆکی ئەرتەشەوە درا، سپای تا بینەقاقا، پرچەکی ئێران بەغار لە خۆیێ و ماکۆ (مادکیۆ) کەوتنە دوایان بەڵام لە ١٨ی ژوئێنی ١٩٤٧ کە گەیشتنە لێواری چۆمی ئاراز (ئەرەس) تێگەیین کە بارزانی و بارزانییان دوو ڕۆژ پێش پەڕیبوونەوە خاکی شۆرەوی، چەن تفەنگ و نارنجۆک و چەن شتی دیکەیان لەوێ بۆ شا و رەزمارا بەجێ هێشتبوو، ئەمە دروست لە رووبەڕووی (ساراچلو) پاسگەی شوورەوی بوو، بارزانی و یارانی دوای ١١ ساڵ گەڕانەوە نیشتمانی خۆیان.[٦]

**ژەنرال بارزانی** کە میوانی جەعفەر باقرۆف دەبێ میواندارییێکی شایان و گرینگ بە **ئیفتخاری بارزانی** سازدەدا، بارزانی تەماشا دەکا هیچ یەکێ لە یاران و هاوڕێکانی لەوێ دیارنین، بارزانی کە ئەهلی مەشروب نەبووە، سێوەناتێ هەڵدەگرێ و دەیخواتەوە، بێ نان خواردن، دەڕواتە دەرێ. هەرچی سەرکۆماری ئەوکاتی ئەرمەنستان

Dr.Saleh Ebrahimi

تکا له **بارزانی دەکا، بارزانی ناگەڕێتەوە و دەفەرمووێ: بێ یارانم نان بەگەروومدا ناچێ، من بۆ ئازادی کورد و کوردستان ئاوارە بووم، بێ هاوڕێکانم ناتوانم نان بخۆم - بەڵێ عەزەمەت و کوردپەروەری بارزانی ئا لەمە جوان روون دەبێتەوە**. باقرۆف رق لە بارزانی هەڵدەگرێ و بارزانی بۆ ماوەی سێ ساڵ لە (قەرە قالپاق) لە نێزیک دەریاچەی (ئارال) لە کۆماری ئوزبەکستان شاربەدەر دەکرێ و دەکەوێتە بەر قاروقینی قین لە دڵان. بەڵام دوای مردنی ئەستالین لە کاتی دەسەڵاتی (خروشوف)دا، دڵخۆشی ژەنرال بارزانی دەدەنەوە و لەگەڵ دەستەیێ لە بارزانییان بانگ دەکرێنە مۆسکۆ، جا ٢٢٥ کەس لە یارانی بۆ خوێندن دەنێرنە شارەکانی (ورونیر، ساراتۆف، گورکی، تامبوف و باشگیر.) لە باکۆیش بارزانییەکان بۆ ماوەی ١٨ مانگ فێری تاکتیکی جەنگی دەکرێن.(٧)

خاتوو فیروزەی فەرما فەرمائیان نەقلی کردووە. «زۆر **جاران بەخزمەت بارزانی** گەیشتووم ئوبەهەت و عەزەمەت و پیاوەتی و ئازایی لێی دەباری؛ زاتی مستەفا بارزانی خۆی بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لە (ئاکادمی علومی نظامی و سیاسی شوورەوی). دەرسی خوێندووە، مامۆستاکانی زۆر ئوگری بارزانی ببوون و رێزیان بۆ دادەنا و هەمیشە بەچاکە نێوی بارزانییان دەبرد».(٨)

حەزرەتی ژەنرال مستەفا بارزانی (د.خ) فەرماندەی گشت هێزەکانی راپەڕیوی شۆڕشگێڕی کورد بوو، **نوێنگە و نیشانەی بزاوی نیشتمانی و مێشکی پڕ بیر و هزری ئینقلابی کورد بوو بەتەواوی**، فەرماندەی نیزامی و رابەری رامیاری و سیاسی، پێشەوای گەورە رۆحانی، کۆمەڵایەتی و سەرکردەی ناوەندی دیفاعی کورد بوو.(٩)

ئەم ئایەتە:(١٠) هەر دەڵێی لە پەسەندی مستەفا بارزانی دا نازڵ بووە کە دەڵێ: (من المؤمنین رجالٌ صدقُوا ما عاهَدُوا اللّه ...) بەڕاستی بارزانی لە پەیمانی خۆیدا کە لەگەڵ خوا و لەگەڵ نەتەوەی کوردی خۆیدا، گرێ دابوو، (صادق الوعد) بوو، راست و دروست رەفتار و بیرچاک و بیر دروست و کردار چاک و راست بوو، لە بەڵێنەکانی خۆی کە بۆ **ئازادی کورد و کوردستان راپەڕیبوو، کەموسکەیێ کلا نەبوو بەوەفا و وەفاداریش بوو لەسەر بەڵێنی خۆی تا مردن هەر سوور بوو، بۆیێ رووسوور بوو.**

بارزانی باوەڕی بەخۆی بوو، ئیمانی قەوی هەبوو، لە کاتی خۆیدا لە فێرگە و

Dr.Saleh Ebrahimi

فێرانکۆکانی کوردستان دەرسی زانینەکانی (عەقڵی، نەقڵی، مەنتیق، فەلسەفە، کەلام (عیلمی لاهوت)، حساب، هەندەسە (ئەندازیاری)، فقه اللغه، بیان، بدیع، بەلاغە، فقه، اصول فقه، صرف، نحو، أدب، تاریخ و جوغرافیا، علوم قرآن، حدیث، (تفسیری قرآن)ی خوێندبوو ئیجازەیشی لەو زانینانەدا، وەرگرتبوو، حەزرەتی بارزانی ئاسیاوی تەواوی بە عولومی زەمانی خۆی هەبوو، دیارە عولوم و وێژە و وێژەوانی و ئەدەبیات خوێندن، دەبێتە هۆی بیر وردی، رووناکی و کرانەوەی مێشک و فکر، هەروا دەبێتە هۆی: (تهذیب نفس) و فێربوونی خوو و ئاکاری چاک و مرۆڤانی، لە مرۆدا سازدەدا و دەبێتە هۆی کەماڵی زیهن و فەزیلەتی ئینسانی. جا کە وابێ زانایی و دانایی و بیروردی و خوێندەواری، پاکی و چاکی و لە کارزانی و شارەزایی مستەفا بارزانی بە جوانی دەردەکەوێ بەتایبەت کە ئەو هەموو زانستەی خوێندووە. جێگای سەرنجە هەر دەڵێی خودا تاریفی حەزرەتی ژەنرال مستەفا بارزانی دەکا کە دەفەرموێ (ولله العزة ولرسوله وللمؤمنين ولكن المنافقين لا يعلمون)[11] حەزرەتی بارزانی دارای عیزەت و خێوی کەرامەت و گەورەیی زاتی بوو، چۆن باوەڕ و ئیمانی پتەوی بە خودا و بە خۆی و بە نەتەوەکەی هەبوو و بەپێی ئەم ئایەتە (يرفعُ اللّهُ الذين آمَنُوا منكم والذين اوتوا العلم درجات واللّهُ بما تعملون خبير).[12] بارزانی پلە و پایەی بەرزە و خوا ئەو پلە و پایە بەرز و تەرزەی پێی دابوو، خودا پێداویی بوو، کە ئاوا مێرانە و شێرانە و مرۆیانە خۆی تەرخان کردبوو تا نەتەوەی کورد، یەک بخا و ئازادی بکا (رضوان اللّه عليه و على آبائه أجمعين).

لە گەرماوگەرمی پرۆژەی مستێر بوتی ئینگلیسی کە لە ئاخری ساڵی ١٩٧٠ لە کوردستان ئەنجام دراوە (کارولین ئینگلیسی) بە ژەنرال بارزانی دەڵێ: دەوڵەتی تورک، عەرەب و شای ئێران کوردیان لە نەخوێندەواری و کەم سەوادیدا قەتیس کردووە، تۆ چلۆن؟ رابەری ئەو نەتەوە دەکەی؟

**بارزانی** لە وەڵامدا دەفەرمێ: رابەریکردنی دەبێ وەک رێگاکانی کوردستان بێ، بەرەو ژوور چوون و سەرەو خوار بوونەوە، پێچاوپێچ کردن بیری وردی ژیرانەی پێویستە، چونکا تەبیعەتی کورد، هەر وەک تەبیعەتی خاک و نیشتمانمان، کوردستانە، خاکی کوردستان کێوی بەرز و بلند و کێو و تەپۆڵکی نزم و نەوی، دەشت

و شێوی نزم و قووڵی هەیە، هەر بەو شێوە، نەتەوەی کوردیش لە چینی کۆمەڵایەتی، بیر و ڕێباز و ئۆلی جیا جیا ساز بووە، نیازی بەڕابەریکردنی کەسێ هەیە، کە هەموو ئازار و دەرد و ڕەنج و خوو و خەسڵەتی ئەوان بزانێ و ڕێگایان نیشان بدا.

کارولین ئینگلیسی دەڵێ: ئەم قسانە لە قسەی فەرماندەیەکی نیزامی ناچێ، **بەڵکو لە قسەی فەیلەسوفان و بیرەوەران دەچێ. کارولین بارزانی بە نێوی یەک فەیلەسوف ناسیوە و دەیناسێنێ و دەڵێ: مستەفا بارزانی فەیلەسوف و بیرمەندە.**

محمد مهدي الجواهري، عەرەب لە پەسنی ژەنرال بارزانیدا، وتوویەتی:

**شعب دعائمه الجماجم والدم — تتحطم الـدنيا ولا يتحطم**

**البارتي حقق للشعب مفخرة — لَيْثُ الجبالِ أبو الاكراد بارزاني**

بەڵێ بەڕاستی بارزانی باوکی مەعنەوی کورد شێری چڕ و چیاکانی کورد و کوردستانە. هەژار لە پەسنی حەزرەتی مستەفا بارزانیدا بە شیعر دەڵێ:(١٣)

سەیید مستەفا سەیادەت کوڕی حاجی بابا شێخ سەیادەت ڕۆژێک لە تاران بۆی گێڕامەوە کە لە ئاوایی تورجان زۆربەی گەورە پیاوانی مەهاباد لە تورجان لە ماڵی باوکم کۆبوونەوە و کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ، مەلا مستەفا بارزانی هەستا بڕوا و نان نەخوا، فەرمووی من ناتوانم نان بخۆم و هاوڕێکانم و ئەو بارزانی و ژن و زارۆکانە. ئاوا پەرێشان بن، باوکم و جەنابی قازی محەممەد و ئەو مەهابادییانەی لە تورجان بوون بەڵێنیان دا، کە بچنەوە، بەهەموویان ڕابکەن و ژیانیان بۆ دابین بکەن، جا کاتێ بارزانی دڵنیا بوو کە هاوڕێکانی و ئەو بارزانییانەی وا لە کوردستانی باشوورەوە لەگەڵ ئەودا هاتبوونە کوردستانی بەشی ڕۆژهەڵات و ئەو ناوە، باری ژیانیان دابین دەکرێ، دانیشت و فراوینی خوارد.

**ئەمەیش وێنەیەکی دیکەیە لە دڵسۆزی و مشوری ئەو سەرکردە نەمرە مەزنەی کورد، سەبارەت بە یاران و غەمخۆرانی کورد.**

ئیحسانی دەنووسێ: ڕۆژێک ئێمە(١٤) بە جلکی کوردییەوە لە هۆدەی شێخ ئەحمەد بارزانی بووین، سەرهەنگ غەفاری پیاوی شای ئێران بە شێخی وت: ئەو ئەفسەرانە کە لای ئێوەن بماندەنەوە، غەفاری نەیدەزانی چەند کەس لەوانەی لەو هۆدە لای شێخ ئەحمەد، دانیشتوون ئەو ئەفسەرانەن، کە ئەو داوای وەرگرتنیان دەکا، شێخ

Dr.Saleh Ebrahimi

ئەحمەد گزی و فزی نەدەکرد، لە وەڵامی سەرهەنگ غەفاریدا فەرمووی: ئەم ئەفسەرانە میوانن و پەنایان بۆ **ئێمە هێناوە و نوری چاوی ئێمەن، من ئامادەم چەن کەس لە رۆڵەکان و براکانم لە بارمتەی ئەم ئەفسەرانە، بە دەوڵەتی ئێران بدەم، بەڵام** بە دەسەوەدانی ئەو ئەفسەرانە، ناشێ، ئەوسا شێخ ئەحمەد بەئاماژەکردن بەئێمە بە سەرهەنگ غەفاری فەرموو: ئەمانە ئەو ئەفسەرانەن کە پێکەوە لەگەڵ یەک دەژین، ئەگەر قەراربێ بمرین، پێکەوە دەمرین(١٥)

لەو سەردەمەیدا مەلا مستەفا بارزانییان بۆ دیداری شا بردبووە تاران کە زیاتر لە بیست رۆژ لەوێ بوو. شا بە بارزانی وتبووی، ئەفسەرانی قیامی خوراسانی، بدەنەوە دەس ئێمە، بارزانی **فەرمووبووی لە باتی ئەو شەش ئەفسەرە، هەژدە لاو لە رۆڵەکانی بارزانیستان** دەدەینێ، تۆ رازی بەمە ئەو شانازییانەی کە تا ئێستا شێخی بارزان بۆ ئێمە بە میرات بەجێی هێشتووە بیکەینە قوربانی. ئیحسانی دەنووسێ: بۆ چاوترساندنی بارزانی لە تاران گشت چەک و دام و دەزگای جەنگی بە بارزانی نیشان دەدەن، بەڵام بارزانی شا و دارودەسەکەی بە گەپجارِ دەگرێ.(١٦)

پیاوەتی ژەنرال مستەفا بارزانی و سەرانی دەوڵەتانی دیکە، بەراورد بکەن، تا کەورەیی و عەزەمەتی حەزرەتی بارزانیتان جوان بۆ روون ببێتەوە.

تۆ خودا جوان لەم قسانەی ئیحسانی وردبینەوە کە دەنووسێ: ئێمە ئەفسەرانی قیامی خۆراسانی. لێبڕاین لەوە زیاتر سەرباری بارزانی نەبین کە بارزانی و بارزانییان، زۆر لە دەرد و مەینەتا بوون، بارزانی مستەفا وتی: دەتانەوێ بۆ کوێ بچن کەستان لە من باشتر و دڵسۆزتر بۆ پەیدا نابێ، لای من بمێننەوە، ئەگەر لە برسان بمرین، لە بەرا من دەمرم جا ئێوە، ئەگەر بە گوللە بکوژرێین، ئەوەڵ من دەکوژرێم جا ئێوە، لای ئێمە بمێننەوە هەمووومان پێکەوە سەرمان لەسەر بەردێ دادەنێین و چارەنووسمان تێکلاوی یەکتر دەکەین، پێکەوە دەمرین، بمێنین، پێکەوە زیندوو دەمێنینەوە، لە دواییدا ئیحسانی دەنووسێ: **وردبنەوە تا بزانن لەم واژە و رستانەدا چ سەفا و سەداقەتێک هەیە، ئەم قسە جوانە: هەمووومان پێکەوە سەر دەکەینە، سەر بەردێک و پێکەوە دەمرین. چەندە جوان و بێ ریبا و دڵێرانەیە؛ وە پاک و ساف لە زاری موبارەکی بارزانی هاتۆتە دەرێ.**

من له تەواى ژيانمدا له هيچ كەسێ (قسەى مرۆڤانى وام نەبيستووه، كه خۆى به هەزاران دەرد و كەند و كۆسپ، ناكامى رووبەڕوو بوو، و لەسەرما، بەفر، برسيەتى، بێ نان و ئاوى و جەنگ لەڕاست سێ دەولەتى عێراق، توركيه و ئێران كه تا بينەقاقايان چەكه، چەكى مۆديرن، گيرى خواردبوو؛ **ئێوه دەبێ له بارودۆخى مەلا مستەفا دابن تا عەزەمەت** و گەورەيى و گرينگى ئەو قسانه بزانن، **بارزانى دەڵێ: ئەگەر له برسا بمرين له بەرا من دەمرم، ئەوسا ئێوه. بارزانى هەميشه دەى فەرموو: قەت خۆ نادەم به دەسەوه. دەجەنگم، ئەم گشته باوەڕ بەخۆبوونه، ئەو هەموو ئازايى و دڵ قايمى و پاكى و چاكى و مرۆڤانييه**، شەرافەت، ئەخلاقى چاك و ئاكارى باش و گەورەيى مەلا مستەفا له تواناى نووسينى قەلەمدا نييه.(١٧)

بارزانى ئەو زاته پيرۆزەيه كه له ١٩٣١/١٢/٩ له راپەڕينى بارزان به ٨٠ بارزانييەوه، يەك سەد و بيست و شەش كەسى له لەشكرى بەرقى بەگ كوشت و هێرشى ئەو لەشكرەى تێكشكاند.

له ١٩٣٢/٤/٣ هێرشى دوژمنى له جەنگى (دۆڵى قازێ) لەنێو برد.

له ١٩٤٧/٦/١٨ ژەنرال بارزانى شێرانه بەنێو تۆپ و تانك و بۆمبارانى فڕۆكەى جەنگى سێ دەولەت، ئەو ڕێگا پڕ له كەند و كۆسپەى بڕى و له ئاوى ئاراز (ئەرەس) پەڕييەوه و هەروەك كتێب دەنووسێ خۆى دواى پەڕينەوەى هەموو هاوڕێكانى پەڕيوەتەوه.

دۆست و دوژمنيش دەڵێ ئەم ڕێپێوانەى بارزانى له هى مائۆيى چينى گرينگتر بووه، بەڕاستى حەماسەى ئافراندووه و زەندەقى نەيارانى كوردى بردووه، ئافەرين هەزار ئافەرين له رۆحى پاك و ئازا و بەغيرەت و دڵسۆزى ئەو رابەره نەمره بێ.

له ١٩٥٨/١٠/٦ دواى زياتر له ١٢ ساڵ دوورى له نيشتمان، قارەمانانه گەڕايەوه نيشتمان، خاكى رەنگين و پڕ پيت و بەرەكەتى كوردستان.(١٨)

له ١٩٦١/٩/١١ به دژى هێرشكاران راپەڕى و راپەڕينى ئەيلوولى پيرۆزى **بەيەكخستنى كوردان، ئافراند و بەدوژمنى سەلماند بارزانى رابەرێكه لايەق و كارزان و به مشوور و دڵسۆز كه توانيويەتى كورد يەك بخا و بتوانێ مافى رەواى خۆى بخوازێ.**

بارزانی ئەو زاتەیە کە لە ١١ی مارسی ١٩٧٠ سەری بە سەرانی بەعسی بەغا
Dr.Saleh Ebrahimi
دانەواند، تا دان بە مافی رەوای نەتەوەی کورد، بنێن.

بەهۆی بزاوی ئازادیخوازی بارزانی پەیمانی بەغا و پەیمانی سنتۆ نەما. بارزانی لە ٦ی ئوکتوبری ١٩٥٨ هەروەک قارەمانێکی نیشتمانی و فاتیح بەناوی سەرۆکی حیزبی یەکیەتی دێموکراتیکی کوردستان لە شوورەوی گەڕاوە بۆ نیشتمان و قاسمیش ئەوەی قەبوڵ بوو- ئازایی و لە کارزانی بارزانی بوو کە **ئەورەحمان سەرکۆماری عێراق، بچێتە چیاکانی کوردستان بۆ دیداری بارزانی** مەزن و سێ کەس لە کوردەکان لە دەوڵەتی عارفدا ببنە وەزیر.

لە ١٢ی فەوریەی ١٩٤٥ بارزانی حیزبی ئازادی کوردستانی سازداوە. لە ١٠ی ئوتی ١٩٤٥ کە بە دژی هێرشی حکوومەتی بەغا راپەڕی، بەڵام چون بێگانە یارمەتی بەغای دا لەو هێرشەدا، بارزانی لە سپتامبر و ئوکتوبری ١٩٤٥ دوای تێکشکانی ئابلوقەی دوژمن، وای بەباش زانی، ئاوەژووی کوردستانی رۆژ هەڵات ببێ و بچێتە یارمەتیدانی مەهاباد.

بارزانی لە ٣١ مارسی ١٩٤٦ لە لایەن کۆماری کوردستان لە مەهاباد، پلەی ژەنراڵی وەرگرت و بووە فەرماندەی هێزی بەرەوانی و دیفاعی ئەو کۆمارە ساوایە.

**بارزانی** ئەو زاتە دڵسۆزەیە، کە لە مانگی ئوتی ١٩٤٦ حیزبی دێموکراتی لە کوردستانی باشووری دامەزراند، کە لە دواییدا بووە: (حیزبی ئیحادییەی دێموکراتی کوردستان).

**ژەنراڵ مستەفا بارزانی** ئەو قارەمانە فاتیحە دڵسۆزە، کۆڵنەدەرە، لە ئاسمانی کوردەواری و مرۆڤانیدا، هەتاوە، تیشکی بە تاوە، رۆژە، رۆژ بەفوو ناکوژێتەوە و تیشک و نووری بەسەر کورد و کوردستاندا تا قیامەت، هەر تیریژ و نوور بڵاو دەکاتەوە و ئاسمان و خاکی پڕ پیت و بەرەکەتی کوردستان بە رووناکی رادەگرێ، بەتایبەت لەم سەردەمەیشدا کە لە رۆژی هەینی چواری تشرین و ئوکتوبری ٢٠٠٢دا پارلمانی نیشتمانی کوردستان بەختەوەرانە، بەتەواوی بوونەوە یەک و یەکیان گرت، سێبەری رەحمەت و شوێنی جوان و پیرۆزی بارزانی بەسەر سەریەوە بوو، چونکە بارزانی بە راپەڕینەکانی خۆی بەدژی هێرشکاران؛ کوردی فێری یەکبوون و یەکیەتی کرد، بارزانی کوردی فێرکرد یەک بن تا سەرکەون.

١- بەڵێ بارزانی بە راوەستان و راپەڕین لە راست دەوڵەتی پادشایی بەغا کوردی فێری یەکبوون کرد.

٢- بارزانی بە راپەڕینی بارزان؛ کوردی بێدار، وشیار و زیندوو کردەوە و بەردی بناغەی یەکبوون و یەکیەتی کورد و کوردستانی دامەزراند و تێگەیاندین، کە یەکبوون هۆی زیندوومانە، یەکبوونی کورد.

٣- بەتایبەت هاتنی بۆ مەهاباد، بارزانی بەدنیای سەلماند سنووری نێوان کوردستان ساختەگی و پووچەڵە، لەڕاست ویستی بارزانیدا، دیوار و سنوور قسەیە، تەنیا لێنەوین و یەکبوون مەرجە. یەکبوونەوەی ئەندامانی پارلمانی کوردستان نەتیۆەی بیری وردی بارزانی گەورەیە، کە لە راپەڕینی بارزانەوە بەردی بنچینەی یەکبوونی کورد و کوردستانی دانا، کە کوردی فێرکرد، دۆستی و ئاشتی و یەک خۆشویستن و یەکبوون و یەکیەتی هۆیی ئازادی، ئاوەدانکردنەوە و هۆی تەرەقی و سەرکەوتن و بەرەو پێشچوون و پێگەیشتنی زیاترە، کە بارزانی لەگەڵ دایکی دڵسۆزیدا کەوتە زیندانی دوژمن، کەوتە بیری راپەڕین و یەکخستنی کورد.

بارزانی قەت شەڕخواز نەبووە، شەڕ فێر بووە، بۆ دەفعی شەڕ؛ بارزانی بەرەنگاری هێرشکاران بۆتەوە، قەت هێرشی نەکردۆتە سەر خەڵک، ئەوەیە نەبیسراوە کە ماڵی عەرەبێ یا تورکێکی وێران کردبێ یا شەوتاندبێتی، بارزانی لە خۆوە پەلاماری کەسی نەداوە.

هاتن بەکۆمەگی کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان لە مەهاباد، رۆیشتن و موهاجەرەت بۆ شوورەوی، هاتنەوەی بۆ کوردستان و عێراق لە ١٩٥٨ و بزاوی ئەیلوولی پیرۆز لە ١٩٦١، هەمووی نیشانەی وشیاری، بێداری و زیندووبوونی بارزانی نەمرە کە لە خۆیی و نەتەوە مەزڵوومە دابەشکراوەکەی دیفاع و بەرەوانی کردووە.

وەسیەتکردنی خۆی کە جەنازەکەی بهێننەوە کوردستان، کە لە شاری شنۆ نێژرا و شنۆ و خاکی **کوردستانی، زێڕین کرد و** دووبارە بەجەنازەی موبارەکی خۆی کوردستانی بووژاندەوە. بەتایبەت لەو هەلومەرجە ناسکەدا ئەو هەمووە خەڵکە کۆبوونەوە و لەسەر جەنازەی مدفەرک و پیرۆزەکەی ئاپورەیان دابوو. خۆی لە خۆیدا وەحدەتی دووبارەی کوردی پێکهێنابوو.

بردنەوەی جەنازەی ئەو زاتە پاکە و جەنازەی کاک ئیدریسی جوانەمەرگی شەهید لە

Dr.Saleh Ebrahimi

کوردستانی رۆژهەڵاتەوە، بەو شان و شکۆیەوە بۆ کوردستانی باشووری و بارزان کە خەڵکی سولەیمانی داوایان کرد بوو لە باشماخەوە. لەو سەری کوردستانەوە بیانبەنەوە، تا خەڵکی کورد لەو سەر و ئەم سەرەوە بتوانن لەبن جەنازەی ئەو زاتە پاکە دڵسۆزە و کاک ئیدریسی رەحمەتی خۆیان ببینن و شادی و شینیان بۆ بکەن، شادی بۆ گەڕانەوەیان بۆ نیشتمان و شینیان بۆ لەدەسچوونیان.

پێشوازیکردنی ئەو هەمووە حەشیمەتە زۆر و زەوەندە، خۆی دووبارەی کوردی وەجۆش و خرۆش هێنا و یەکبوون و یەکیەتیکی پتەوی تازەی لە نێو جەرگەی کورد، بەدی هێنا.

هەموو دەزانین کاتێ فاتیحانە و قارەمانانە لە ٦ ئوکتوبری ١٩٥٨ گەڕاوە نیشتمان چ شۆر و غەوغایەکی، چ وەحدەت و یەکیەتیەکی لە نێو کورد، سازدا، وەک قارەمانی نیشتمانی پێشوازی لە بارزانیی نەمر کرا و لە دنیا دەنگی دایەوە و زیاتر لە ۸٥٠ هاوڕێی بارزانیش لە بەندەری بەسرەوە لە کەشتی پیادە بوون و لە ١٦ ئاوریلی ١٩٥٩ چوونە بەغا و کوردستان کە پێشوازی زۆر گەرم و پڕ حەشیمەتیان لێ کرا، جا لەبەر ئەوانە دەبێ پڕ بەدڵ هاوار بکەین و بڵێین: بارزانی هەر هەیە، وەک بووە - هەر دەمێنێ و نەمردووە، سێبەری رەحمەت و مویارەکی بەسەر کورد و کوردستانا دەگەڕێ و دەیەوێ کورد، یەک بێ، تا ئازادبێ، کورد، بە یادی ئەو زاتە سازە، بەناوی بارزانی سەرفیرازە، زۆر سەدە دێن و رادەبرن، مەردان دەرس لە بارزانی وەردەگرن، هەتا زیندەوەر لەسەر گوێی زەوینە، هەتا رۆژ، بە تیشک و تینە، **ساڵیادی بارزانی نوێترە، قەدر و ریزی زۆرترە، بیرەوەری بارزانی**، میسکی خاوە، بۆنی زۆر خۆشی بڵاوە، تاوەی سوون بوونی خۆشترە، دەم بە دەم بوونی خۆشترە.(١٩)

لە کتێبی کارنامەی ئەردەشێر بابەکاندا نووسراوە: ئەردەشێر چووە شەڕی **کوردان شای ماد**- لەوێوە چۆتە سەر بارزانی و بارزانییان.

لە جیروفت لای کرمان کێوێ بەنێوی بارزان، بارزانی بارجانی، بارز، بەرەز، هەیە، (٢٠) کە بارزانی لەو ناوە (هەرێمی بارزانی لای کرمان و کەهنوج) بووە و لە پاشان بۆ بەرگری لە هێرشی دوژمنان چوونەتە ئەم مەڵبەندەی ئێستای بارزان، سەر بەئوستانی هەولێر (پێتەختی ئێستای کوردستانی ئازاد) لەسەر چۆمی ئاوی زێی- کە تەفسیری ( ابن کثیر) لە بن ئایەتی: (... الی قوم اولی بأس شدید) سوورەی فەتح

ئایەتی ١٦- دەڵێ پێغەمبەر فەرموویەتی: ئەم ئایەتە لە پەسەندی هۆزێکدا هاتووە کە ئازا و نەبەزن و کاڵەکانیان لە مووە و کوردن و بارزانی - سەرچاوە تەفسیری ابن کثیر، تەفسیری روح المعاني تەفسیری المیزان، ترجمان القرآن علامة حسین هیندی، بیان الائمه، کتێبی زمینەسازان، کتێبی یعقوب لیث پەڕەی ٢٢ نووسراوی دوکتۆر باستانی پاریزی، کە پاریزی دەڵێ: لە ئەسڵدا ئێمە بارزانین و نازناوەکەمان بۆتە پاریزی و زەند و زەنگەنەش لە بنەماڵەی رەسەنی بارزانین. کارنامەک نووسراوی ئەحمەد کیسرەوی چاپی ١٣٤٢ پەڕەی ٤٦ بارجی علی رزم آرا ص ١٤٦- مسالک و ممالک- حامد کرمانی پەڕەی ١٢٢ حدود العالم ص ١٢٨- صادق هدایت پەڕەی ٢٥ تا ٢٤- اصطخری پەڕەی ١٦٧ کۆواری ئاوێنە ژمارەی ١٧ و١٨ چاپی ٧٣ و دیسان ئاوێنە ژمارەی ٩٠ چاپی ١٣٧٤ بە قەڵەمی دوکتۆر محمد صالح ئیبراهیمی (شەپۆڵ) - کتێبی کۆزانی فەرهەنگی زمانی کوردی چاپی دووەم ٢٢ ژانویەی ٢٠٠٢- تاران نووسراوی (شەپۆڵ) پەڕەی ١٧٦ لە کۆبەدا- رۆژنامەی روناهی چاپی... ژمارەی... ساڵی... کتێبی زانایانی کورد، جەڵدی سێوەم پەڕەی ٧٧ تا ... کە بە کامپیوتێر پیتچنی کراوە و ئامادەی چاپە، هەروا بڕواننە وتاری رۆژی ١٠ مارسی ٢٠٠٢ کە لە ساڵرۆژی یادی گەورەیی و لە کارزانی حەزرەتی ژەنرال مستەفا بارزانی لە تالاری نێو گەلای دەنگ و رەنگی کۆماری ئیسلامی ئێران، سازدرا بوو، خوێندراوە- هەروا بڕواننە چوار دەفتەری خەتی کە بەناوی راپەڕینی حەزرەتی ژەنرال مستەفا بارزانی رابەری کەبیری نەتەوەی کورد، نووسراوە.

**بەڕێزەوە**

دوکتۆر محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆڵ) ئوستادی (زانینگەی): دانشگاه مذاهب اسلامی دانشگاه تاران.

نشانی - تهران کدپستی ١٣١٦٧ خیابان فلسطین جنوبی کوچه لقمان الدوله ادهم پ ٥ ط٦

تلفن ماڵێ ٦٤١٢٣٩٨

## پەراوێز

Dr.Saleh Ebrahimi

١- سەرچاوە: هەژار، بەیادی تۆ دەژی دڵم، چاپی سوئید ساڵی ١٩٩٣.

٢- یانی مرۆ پێ دەگاوتێ دە گاوستە مکار بەدەستی ستەم لێکراو؛ تیادەچێ و نامێنێ و ستەم لێکراو، خۆی کاروباری خۆی دەبا بەڕێوە (شەپۆڵ).

٣- صەدام حسێن لە رۆژی ٥ شەمە ١٨ی ئۆکتوبری ٢٠٠٢ لە کاتی سوێندخواردن بۆ نەوەی بە نێو بۆ ٧ ساڵی دیکە بەسەر کۆماری عێراق بمێنێتەوە فرمێسکی رژاند و لە ترسی ئەمریکا کە دەیەوێ صەدام دەرکا، گریا، گریانی ئەو خوێن رێژە دڵرەشە، تۆڵەی کوشتاری کوردی هەڵەبجە هێرۆشیمای کوردستانە، کە دەیگریێنێ، هێشتا لە کوێیەتی، دەبێ بەنێوی جینایەتکار بدرێتە دادگای نێو گەلانی. سەرچاوە: ئاسۆشێتێد پرێس، رۆژنامەی ئێران ١٩ی ئوکتوی ٢٠٠٢ پەڕەی ٥ تاران (شەپۆڵ).

٤- یەک لەوان کاک عەلی شەعبانە کە لە کەرەجی لای تاران بوو، جار جار دەچوومە خزمەتیان (شەپۆڵ).

٥- تاریخ معاصر ایران از کردستان عراق تا آنسوی رود ارس، راەپیمایی تاریخی ملا مصطفی بارزانی در بهار ١٣٢٦ خورشیدی.

٦- هەواڵی ساڵی ١٩٤٦ پاریس ١٩٦٣ - پ پ ٢٩١-١٢٦.

٧- کتاب خاطرات زندگی پرماجرای دکتر آسۆ چاپی ١٣٧٤ی هفتاوی.

٨- خاطرات کیانوری.

٩- رحلة الی رجال شجعان -چاپی اول ١٠٦٤ بە زمانی عەرەبی تەرجەمەی جرجیس فتح اللّه لە ئینگلیسی دانا آدم شمت.

١٠- سورەی احزاب آیە ٢٣.

١١- سورەی منافقون ١٣- ئایەتی ٨.

١٢- سورەی مجادلە -٥٨- ئایە ١١.

١٣- شاعیر، لێکۆڵەر و وەرگێڕی ناوداری کورد، هەژار دەڵێ:

Dr.Saleh Ebrahimi

بارزانی نەعرەتت گیانی دوژمنانی دەبرد | لە تۆ تۆقیبوون چاوی دوژمنانی کورد
زۆر لە داگیرکەرانی کوردستان | بەدەستی تۆ نێرانە گۆڕستان
کێیە؟ تاجیکە ترکی تووڕە، عەرەو | گێلە جاشە، تەعالە، گێتەبرەو

**لە شوێنێ دیکەدا دەڵێ:**

هەژارێک بووم سەد جار مردوو | وەک قانگەلاشکی بابردوو
زریان لەسەر رێی، لای دەدام | شەماڵ سندەی پێدا دەدام
گێژەڵووکە دەی سووڕاندم | بۆ رەشەبای دەڕەتاندم
سووکتر بووم لە پرزە کایەک | نە پەسیوێک، نە پەنایەک
لە مەودای زۆر ساڵانمدا | لە دەرگای زۆر ماڵانم دا
مەردێک نەبوو، سەر دەرێنێ | بەخێسە بێ تێم رامێنێ
لە پڕ نازانم چلۆن بوو؟ | خۆم گەیاندە بەر سێبەرێ
دنیا ئێرەییم پێ بەرێ | نەک هەر من بە سەد هەزاران
لە تازە لاوی هەژاران | لە پیری یەخسیری خەم چێژ
لە دایک زارۆی مەمک مێژ | هەموو کوردێکی دڵبرین
بێکەس و هەژار، جگەرخوێن | بە میلیۆن گیان دڵ توونی
گەلە دیلی لە ژمار بەدەر | دڵ پڕ کەسەر، بێ سەروبەر
لە چنگ خوێنمژان راکردوو | بەغیلیان، دەبرد بە مردوو
لاکە لاک تێن داتەکاو بوون | بەرەو ئاوێک چاوە چاو بوون
وێڕای من گەینە سەردراو | بەر سێبەری فێنک و هەروا
لەو ژێر سایە، حەساینەوە | دەستەو لەحاز بووژاینەوە
(بارزانی) ئەو سایە چەورە لەسەرمان | بوو بە گەورەتر، رێبەرمان
بەهێز و گوڕ رای پەڕاندین | کوردخۆرانی پێ بەزاندین
بووینە نموونەی ئازایی | بووینە لەشکر و هێزی خوایی
ئەو شەنگەدارەی سەرچاو | مستەفا بارزانی ناوە
بەڵێ مستەفا بارزانی | هەموو کوردێک، بە قوربانی

---

**(سەر چاوەی بەرپەڕەی ٢٧ تا ٢٤)**

Dr.Saleh Ebrahimi

١٤- شەش کەس لە ئەفسەرانی قیامی خۆراسانی؛ تەفرشیان، زەربەدەست، ئەحسانی و...

١٥- پەڕەی ٢٠٧ کتاب خاطرات ما از قیام افسرانِ خراسان تألیف علی اصغر احسانی چاپ ١٣٧٨ تهران.

١٦- پەڕەی ٢٤٤و ٢٣٥ کتاب خاطرات ما ...

١٧- کتاب خاطرات ما از قیام ...

١٨- سەرچاوەی ئەوە کە کوردستان بەهەشتی ڕەنگینە و خۆش و پڕپیت و بەرەکەتە، ئەوەیە کە قورئان چیا و خاکی کوردەواری بە (مُنْزَلاً مُبارکاً) نێو دەباکە نوح پێغەمبەر لەبەرخودا دەپاڕێتەوە و دەڵێ:

(... رَبِّي اَنْزِلْنِي مُنْزَلاً مُبـارکـاً) سورة مـؤمنون آیة ٢٩. یانی ئەی پەروەرەندەم! لە جێگایێ پڕپیت و بەرەکەت و تەژی لە نیعمەت دام بەزێنە و لەنگەر بە گەمیەکەم بگرە- نوح ترساوە، نەکا کەشتییەکەی نوقم بێ یا لە شوێنێ قاقڕ، کەم بژێو یا بێ بژێو لەنگەر بگرێ، کە خودا گەمیەکەی لەسەر کێوی جودی (گوتی) کوردی بۆ ڕاگرت، کە پڕ و تەژییە لە زەخیرە و ئازووخەی سەر زەوی و بن زەوی کـە قـورئان دەڵێ (وَاسْتَوَتْ علی الجود) سورەی هود ئایەتی ٤٤- جـود یا جـودی بە عـەرەبی یانی بەخـشـەر کە سـەر زەوی و بن زەوی خـاکی کـوردەواری پڕ نیـعـمـەت و بەخـشـەرە بۆ بەردەوامبـوونی کـورد لە نێـو خـاکی خۆیدا - هەر ئەوەیشـە پێغـەمبـەر فەرموویەتی: ئاوی (سیـحـان و جیـحـانی کوردسـتـان ئاوێکە لە ئاوی بەهەشت - مـسلم و بخـاری حروف س و ج) - ئاوی سیـحـان و جیـحـان لە کـوردسـتـانەوە سـەرچاوە دەگـرێ و لە خـواردەوە بە دەجلە و فـورات ناو دەبرێ و هۆی ژیانە بەتایبـەت لەم ڕۆژگـاردا- زانایانی (ئارکیـۆلۆژی) ئەوەیان سەلماندووە کە گـەمی نوح لە چیای جـودی نێـو خاکی کوردەواری لەنگەری گرتووە و دڵ و دەروون و سەر زەوی کوردسـتـان پڕپڕە لە زەخیرە و کـان و ئازووخـەی هۆی ژیانی مـرۆڤ - لە گـۆگـردەوە بیگرە تا نەوت، گـاز، ئاو، ئاوی بن زەوی، ئۆرانیـوم، مس، ئاسن، پۆڵا ، گـرانیـتی بەقـیـمـەت، زێڕ، زیو، گـانزا، بەردەمـەڕمـەڕ، بەردی جـوان و ڕەنگین و بەقـیـمـەت، زوخـاڵ، زوخـاڵی بەرد، شـوێنەواری کـۆن و کـەونارا، ئاسەواری بە نرخ، وە پێ بژێوی باش و بەکـەڵک بۆ ئینسـان، جا هەر بۆیە لەسەر ئەم خـاکە سنگەدڕێیە. ئەحمەد موختار جافیش بەدڵڕوونی ئەوەی زانیوە کە فەرموویەتی:

**دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە     لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە**

**(شەپۆل): ئیبراهیمی**

١٩- بەواتا لە (هەژار بە یادی تۆ دەژی دڵم) چاپی سوئیدساڵی ١٩٩٣ وەرگیراوە.

٢٠- دانشنامەی جهان ئیسلام- تاران چاپی ١٣٧١ی هەتاوی پەڕەی ٢٢٥- بنیادی دایرەتولمەعاریفی ئیسلامی- شار کەهنوج.